سودانی جێخت دەکاتەوە لەسەر بەردەوامی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان لە هەموو وڵات



ئەمڕۆ دووشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جێختی لەسەر بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزاری و گەشەپێدانەکان لە هەموو وڵات کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدستی موتابیع کوتووە، ڕایگەیاندووە: "ئەمڕۆ دووشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەردانێکی مەیدانی بۆ پڕۆژەکانی پردی جادریە و غەززە ئینجامدا، کە لەسەر هووباری دیجلە لە بەغداد دروستدەکرێن، ئەم پردانە لە گرنگترین پڕۆژەکانن لە قۆناغی یەکەمدا بە ئامانجی کەمکردنەوەی قەرەباغی هاتوچۆ".

بەگوتەی ڕاگەیەندراوەکە ، سودانی "پەداچوونەوەی بە پێشکەوتنی کارەکانی هەردوو پڕۆژەکە کرد و گوێی لە پێشکەشکردنەکی ورد گرت لەسەر ئاستی تەواوکردن و فەرمانی کرد زۆرترین هەوڵ بدرێت بۆ پاراستنی خێراتربوونی کارەکان و تەواوکردنی پڕۆژەی پردەکان لەو ماوەیەی کە بۆی دیاریکراوە".

ئاماژەی بەوەشکرد ،سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران "ستایشی هەوڵەکانی کارمەندان و کەمپانیا جێبەجێکارەکان و لایەنە پشتیوانەکانی کرد" و جێختی لە "بەردەوامی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان لە هەموو پارێزگاکان کردەوە و پابەندبوون بە ستاندارد و تایبەتمەندیە دیاریکراوەکان لە جێبەجێکردنی کارەکەدا بۆ دڵنیابوون لە تەواوبوونی".

ئاماژەی بۆشکرد ، "پردی جادریێ بە درێژی (520) مەتر و پانی 20 مەتر دەبێت، لە ناوچەی کۆادۆ تا دوورگەی ئەعراس بە دوو ئاراستە و بە ناوچەی قادسیێدا تێدەپەڕێت و دێگاتە گۆڕپانی نسور، یەکەکە لە چوار پردی کەنکرێتی کە دیوی ئسافە و کەرخی شارەکە بەیەکەوە دەبەستنەوە".

هەروەها ئاماژەی بۆشکرد ، "پردی غەززە درێژییەکەی دێگاتە (385) مەتر، میحوەرەکی نوێی گرنگ پێکدەهێنێت کە بەشدار دەبێت لە ڕێکخستنی جووڵەی هاتوچۆ و ناحیەی زەعفەرانییە لە دیوی ئسافەوو بە ڕێگای خەرای دورە یوسفیە لە دیوی کەرخەوە دەبەستێتەوە و دروستکردنی پردەکە گەیشتووەتە قۆناغێکی پێشکەوتوو".